# حیکمەت لە بوونی فریشتە نووسەرە بەڕێزەکان لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە بە هەموو شتێک ئاگادارە

# الحكمة من إيجاد الكرام الكاتبين مع أن الله يعلم كل شيء

< كوردي >


شێخ محمد کوڕی صالح کوڕی عوثەیمین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

الشيخ محمد بن صالح بن عثيمين (رحمه الله)



وەرگێرانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حیكمەت لە بوونی فریشتە نووسەرە بەڕێزەکان لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە بە هەموو شتێک ئاگادارە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ محمد كوڕی صالح كوڕی عوثەیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) كراوە :

**پرسیار** : حیكمەت لە بوونی فریشتە نووسەرە بەڕێزەكان لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە بە هەموو شتێك ئاگادارە ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان و درود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى وئال وبەیت و یار ویاوەران وشوینكەوتوانی هەتا هەتایە ...

لەبارەی ئەم بابەتانەوە، ئێمە پێدەچێت دەرك بە حیكمەتەكانی بكەین، وە پێدەچێت دەركیشی پێ نەكەین، چونكە زۆرێك لە شتەكان ئێمە حیكمەتەكانی نازانین، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَيَسۡلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلا ﴾ [الاسراء :85] .

واتا : پرسیارت لێ دەكەن دەربارەی ڕۆح (كە چیەو چۆنە؟) بڵێ: ڕۆح بەشێكە لەفەرمانی پەروەردگارم و بەدەست ئەوە (من نازانم چیەو چۆنە) و هیچتان پێنەبەخشراوە لە عیلم و زانست تەنها شتێكی كەم نەبێت.

ئەم دروستكراوانەی خوای گەورە ئەگەر بێتو كەسێك پرسیارمان لێ بكات : ئایا حیكمەت چیە لەوەی خوای گەورە ووشتری بەو شێوەیە دروستكردووە، یان ئەسپ وگوێدرێژی بەو شێوەیە خولقاندووە، یان ئادەمیزادی بەم شێوەیەی كە لەسەریەتی دروستكردووە، ئەمانە وهاوشێوەكانی ئەم شێوەیە، ئەگەر پرسیاری حیكمەتی ئەم شتانەمان لێ بكرێت حیكمەتی هیچیان نازانین، یان ئەگەر پرسیارمان لێ بكرێت نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بۆ چوار ڕكاتە، یان نوێژی مەغریب سیانە و نوێژی عیشا چوارە و ئەم پرسیارانە، ناتوانین بڵێین حیكمەتەكەی ئەوەیە، بەمەش زانیمان زۆربەی كاروبارە كەونی و شەرعیەكانیش حیكمەتەكانی لای ئێمە نهێنی و شاراوەن، جا كەوابوو ئەگەر هاتوو خوای گەورە هەندێك لە حیكمەتی دروست كراوەكان و كاروبارە شەرعیەكانی خۆی بۆ ئاشكرا كردین و دەركمان بەهەندێكیان كرد ئەوە زیادە فەزڵ و منەت و خێر و زانستی پەروەردگارە بەسەرمانەوە، وە ئەگەر هاتوو دەركیشمان پێ نەكردن بێگومان هیچ كەموو كورتی نیە بۆمان ..

پاشان دەگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیاری ئەو بەرێزە : ئایا حیكمەت لە بوونی فریشتە نووسەرە بەرێزەكان لەگەڵ ئەوەی خوای گەورە هەموو شتێك ئاگادارە ؟

حیكمەت لەوە ئەوەیە : خوای گەورەی بەرز وبڵند هەموو كار وبارەكانی بە ئەندازەگیریەكی زۆر وورد و جوان ڕێكخستووە وحوكمەكانیشی زۆر تۆكمە وتوندوتۆڵ كردووە، وبەجوانرتین شێوە سازی داوون، تەنانەت خوای گەورە بۆ كاروبارەكانی ئادەمیزاد و ووتو گوفتاریان نووسەری بەرێزی داناوە و ڕای سپاردوون كە هەرچیەك دەكەن بە ووردی بینووسن، لەگەڵ ئەوەی زاتی هەق تەعالای خۆی زانا و ئاگادارە بە كردارەكانیان پێش ئەوەی ئەنجامیشی بدەن، هەموو ئەمانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە زۆر گرنكی بە ئادەمیزاد وكار وبارەكانیان دەدات، وە ئەم گەردوونەیشی بە جوانترین شێوە ڕێكخستووە، وە بە بەباشترین شێوە ودانایی قایم وقۆڵ وتۆكمەی كردووە، خوای گەورەش زانا و دانایە ...

سەرچاوە : فتاوى العقيدة، الشيخ ابن عثيمين ص 347 -348 .